# چەتری ئەمەریکاو قەیرانی قەتەر پێشمەرجەکانی گۆڕانکاری سیاسی لە دەوحە



مالیك عەونی
نوسەرو توێژەری میسری لە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان لە دامەزراوەی (الاهرام)

FOCUS

ئەو قەیرانەی لە نێوان ژمارەیەك وڵاتانی عەرەبی سەرەکی و ئیمارەتی قەتەر، کە لەرۆژی دووشەممەی یۆنیۆی 2107 سەریهەڵدا، لەو کاتەدا بوو کە هەریەك لەکۆماری میسری عەرەبیو عەرەبستانی سعودی و ئیمارات و شانشینی بەحرێن، بڕیاری بڕینی پەیوەندیە دیپلۆماسیەکانیاندا لەگەڵ قەتەرو پچڕاندنی هەر پەیوەندیەکی راستەوخۆ لەگەڵی لە وشکانی و دەریایی و ئاسمانی بەرێگەی هەرێمەکانی ئەو وڵاتانەوە. جگە لە گرتنەبەری چەند رێکارێکی تری جیاجیا کە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازیان هەیە. وەکو لێسەندنەوەی چاودێری و قەدەغەکردنی مامەڵەی بانکیی. ئەو قەیرانە دەرگایەکی فراوانی خستە سەرپشت لەبەردەم پێشبینی و ئەگەرەکانی

دوای ئەو بڕیارە. کە لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی و ناعەرەبیشەوە بڵاوبوونەوە لەسەر نیەتی ئەو وڵاتانەو گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی و لادانی حاکمی ئێستای قەتەر. لە ڕاستیدا سەرباری توندی ئەو ڕێکارانە، کە هەرزوو چەند وڵاتێکی تریش پشتگیریان لێکرد، بەڵام هێزی جووڵانی سیاسی لەقەتەر ڕاستەوخۆ بەند نییە بەدەرهاویشتەکانی ئەو بڕیارە ڕاستەوخۆیانە. ئەمەش دەرگا بۆ چەندین سیناریۆی جیاواز دەکاتەوە، کە ڕەنگە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەو هەوڵانەوە نەبێت، کە بۆ گۆڕینی ڕژێمی دەسەڵاتدار لە قەتەر لە ئارادان. ناشتوانرێت لە هێزی جووڵانی گۆڕانکارییە سیاسیەکانی قەتەر تێبگەین، تا نەزانین ڕژێمەکەی قەتەر چ پێگەیەکی لە هاوکێشە ئەمنیەکانی ناوچەکەدا هەیەو بە چ ئاڕاستەیەك کاردەکات لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەر لەدوای کوتادەکەی شێخ حەمەد بن خەلیفە ئال سانی، کە لە باوکی کردی (خەلیفە بن حەمەد ئال سانی) لە27 یۆنیۆی 1995دا، شێخ حەمەدو کۆمەڵەکەی لەگەڵی بەشداربوون لە کودەتاکە، نوێنەرایەتی نوخبەیەکی نوێیان کرد لە قەتەرو ئاڕاستەکەیان بە لۆژیکی ( بریکار لە خزمەتکردنی ئامانجەکانی ویلایەتە یەکگرتووە هەرێمییەکانی ناوچەکە)دا کاریان کردووە. بەو پێیەی کە چەترەکەی پارێزگاری ئەمەریکا پەناگەیەکی ئارام و سەرەکیە بۆ خۆلادان لەهەر دژایەتیکردنێکی وڵاتانی کەنداو بۆ قەتەرو بە تایبەتی سعودیەو ئیمارات و بەحرێن. بۆیە ئەو کودەتایە کە ڕێچکەیەك بۆ گۆڕانکاریە سیاسییەکان دەستنیشان دەکات لەلایەن ئەو سێ وڵاتەوە پەسەند نەدەکرا. لە کاتێکدا کە گۆڕانکاریە سیاسییەکان لە هەر ساتێکدا پێشبینی کرابوو بەهۆی تەمەن گەورەیی دەسەڵاتداری ئەوسای قەتەر.

قەتەر بە کردەوە وەکو بنکەیەکی پێشکەوتووی ئیدارەدانی بەرژەوەندیە نهێنی و ڕانەگەیەنراوەکانی ئەمەریکای لێهاتووە، بەڵکو ڕەنگە دژی یان تەنانەت پێچەوانەی سیاسەتەکانی ناوچەکە بووە، چونکە هەر زوو لە ئیسرائیل نزیك بۆوە. لەهەمان کاتدا پەیوەندیەککانی لەگەڵ بزوتنەوەی حەماسیش بەهێزکرد، حەماس ئەو ڕەوتە ئیسلامیەی کە لەدژی هەر چارەسەرێکی سیاسیە لەگەڵ ئیسرائیل. بنکەی سیلیە لە قەتەر

**مەترسیدارترین ڕۆڵ کە قەتەر گێڕاویەتی، بریتییە لە دالّدەدانی چەندین کەس لەوانەی دژی عەرەبەکان وەستاون و دواتریش ئەوانە کاریان پێکراوە بۆ لێدان و دژایەتیکردنی لە ڕژێمەکانی حوکمی وڵاتەکانیان، کە ئەمەریکا هەمیشە هەوڵی گۆڕینی داون.**

هەر لە2002ەوە بارەگایەکی پێشکەوتوی سەرکردایەتی ناوەندی ئەمریکیە لە ناوچەکە. لە کاتێکدا ناوەندی ئۆپراسیۆنە ئاسمانیە شەڕەکەرەکانی ئەمەریکا لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بنکەکەی شازادە سوڵتانی ئاسمانی لە عەرەبستانی سعودیە گوازرایەوە بۆ بنکەیەکی ئاسمانی لە باشوری دۆحە لە ساڵی2003، لە بەرامبەریشدا قەتەر ڕێگەی دا بە کردنەوەی ئۆفیسێك بۆ بزوتنەوەی تاڵیبانی ئەفغانی لە ساڵی 2001 لە دۆحەی پایتەخت. هەرچەندە ئەو بزوتنەوەیە ئامانجی سەرەکی ئەمەریکا لەداگیرکردنی ئەفغانسیان لە2001دا. بەمەش قەتەر بووە ناوەندێکی سەرەکی بۆ دانوستاندنەکانی نێوان بزوتنەوەی تاڵیبان و حکومەتی ئەفغانی و هەمیشە هەوڵی دۆزینەوەی دەرچەیەکی داوە بۆ هاتنە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە جەنگەڵستانەکەی ئەفغانستان.

ئەو جۆرە شێوازانە، کە بە ڕواڵەت دژ بەیەك دەردەکەون، بەڵام ئاشکرای دەکات چۆن قەتەر ویستویەتی ببێتە بنکەیەك بۆ

بەڕێوەبردنی بەرژەوەندیە نهێنیەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە. هەر بە کردەوەش قەتەر زۆر سەرکەوتوو بوو لە گێڕانی ئەو ڕۆڵە. ئەمەش زەمینەیەکی لە باری بۆ بزوتنەوەکانی وەکو حەماس و چەند بزوتنەوەیەکی تری هاوشێوە ئەو ڕەخساندووە تا بتوانن لەژێر چەتری پرۆژەی ئیسلامی سیاسیو ئیمارەتی ئیسلامی لەغەزە بچنە ناو ریزی فەلەستینیەکانو بیکەن بە دوو کەرت و تێکدانی چەند هەوڵێك بۆ گەیشتن بە چارەسەرێك لە نێوان دەسەڵاتدارانی فەلەستینی و ئیسرائیلی، دەرئەنجامیش ئیسرائیل هەمیشە توانیویەتی خۆی بدزێتەوە لەهەر فشارێکی نێودەوڵەتی دەخرایە سەری بۆ ئەنجامدانی هەر رێککەوتنێكو دانوستاندنێك، کە رێگە خۆشدەکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەرخۆی فەلەستینی. لەلایەکی تریش لەرێگەی رۆڵەکەی قەتەر دەیگێڕێت لەبەدی هێنانی جۆرێك لە هێوربونەوە لە ئەفغانستان، وایکردووە بەشێکی زۆری هێزەکانی ئەمەریکا لە کۆتایی ساڵی 2104 لەو وڵاتە پاشەکشە بکەن.

مەترسیدارترین رۆڵ کە قەتەر گێڕاویەتی، بریتییە لە دالدەدانی چەندین کەس لەوانەی دژی عەرەبەکان وەستاون و دواتریش ئەوانە کارییان پێکراوە بۆ لێدان و دژایەتیکردنی لە رژێمەکانی حوکمی وڵاتەکانیان، کە ئەمەریکا هەمیشە هەوڵی گۆڕینی داون. کەرستەی راگەیاندنی قەتەریش، کە لەبنچینەدا خۆی لە کەناڵی جەزیرەدا دەبینێتەوە، رۆڵێکی سەرەکی و بەرچاوی هەبووە لە وروژاندنی شەپۆلی ناڕەزایەتیە عەرەبییەکان و فراوانکردنی، کە هەر لە کۆتایی 2014دا لە چەندین وڵاتی عەرەبیدا دەستیان پێکردووە. بەڵکو ئاڕاستەی کـردون بۆ بەهێزکردنی پێگەی ڕەوتە ئیسلامیە سیاسییەکان لەو وڵاتانەو بە تایبەتیش گروپی ئیخوان موسلمین، کە لەدوای ناڕەزایەتیەکانەوە بزووتنەوەی گۆڕانکاری سیاسی پەیدابوو. بە هەمان رادەش کاتێك ئەو ڕەوتە ئیسلامیە سیاسییانە سەرکەوتوو نەبون لە سەپاندنی خۆیان بەسەر بزووتنەوەی سیاسی لەو وڵاتە عەرەبییانە، قەتەر رۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە پشتیوانی کردنی توندوتیژی ئیسلامی چەکدارانە، ئەمەش بە ڕوونی لە هەریەك لە وڵاتانی سوریاو لیبیا بەدیار دەکەوێت.

لە ڕاستیدا، ئەو رۆڵەی قەتەر بە شێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ پرۆژەکەی ئەمەریکا دەرکـەوت، کاتێك هەوڵی دەدا لەناو ژمارەیەك وڵاتاندا ئیسلامی سوننی بێنێتە پێشەوە بۆ تێکشکاندنی دەوڵەتی نیشتمانی و وێنەکرنی نەخشەیەکی نوێی دابەشکردن، کە بوار دەدات بەخوڵقاندنی ناوچەیەکی تائیفی جیاکراوەی لاواز لەناوچەکەو کەمکردنەوەی قورسایی هەر هەڕەشەیەکی سەربازی بۆ سەر ئیسرائیل. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریش بوارێکی فـراوان دەرەخسێنێت لـەبـەردەم دۆخـی بەریەك کەوتنی مەزهەبی سوننی ـ شیعی لەناوچەکەو رێگە نادات بە بەدیارکەوتنی هیچ لایەنێکی هەژموندار بەسەریدا، ئەمەش لە کاتێکدایە کە پلان هەیە بۆ کەمکردنەوەی تێکەڵاوبونی ئەمەریکا لـەو ناوچەیەدا. لە کۆتایشدا ژمـاریـەك وڵاتانی عەرەبی سەرەکی رادەکێشێت بۆ ناو ململانێیەکی ئیقلیمی بێ کۆتا. دواجار سەرباری هەبوونی چەندین شوێنەواری یەکجار مەترسیدار لەو پرۆژەیەدا، کە لەگەڵ هەڵکشانی مەترسییەکانی تیرۆر لە چوارچێوەیەکی جیهانیدا لەپێشی پێشەوەدا دێتو هەروەها سەرباری دروست بونی بەربەست لەبەردەم ئەو پرۆژەیە لەمیسر دوا بەدوای شۆڕشی 30 یۆنیۆی 2013، بەڵام هێشتا سەرکەوتنی رۆڵەکەی قەتەر لەم پرۆژەیەدا بەرونی دیارە، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی ئاژاوەچیەتی لەرێگەی ئیقلیمی، کە لەناو بازنەی دروستکەرانی بڕیار لەئەمەریکا بە (ئاژاوەی دروستکەر) ناو دەبرێت.

رژێمی دەسەڵاتداری قەتەری بەرێگەی گێڕانی رۆڵی (بریکار) سەرکەوتووە لە دستەبەرکردنی چەتری پارێزگار ئەمەریکی لەڕووی سیاسیو سەربازیش لەیەك کاتدا، ئەمەش وادەکات ئەگەری هەر گۆڕانێکی سیاسی لەقەتەر پەیوەست بێت بە بڕیاری ئەمەریکا بەلابردنی ئەو چەترە. بۆیە هەموو ئەو رێکارانەی وڵاتانی عەرەبی گرتویانەتە بەر پەیوەستە بەو بڕیارەی ئەمەریکا لەداهاتودا دەیدات سەبارەت بەقەتەر. لێرەدا پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ دوو فاکتەری سەرەکی بکەین بۆ هەر بڕیارێکی ئەمەریکی چاوەروانکراو لەباری داهاتوی رژێمەکەی قەتەر:

1. ئایا رۆڵی قەتەر لەهەیکەلی بونیادی سیاسی ئەمەریکی لەرۆژهەڵاتی ناوەراست کۆتایی پێهاتووە دوای سەردانەکەی

## قەبارەی هێزە چەکدارەکانی قەتەر



| | |
|---|---|
| **قەبارەی هێزی سەربازی مرۆیی** | 11500 **سەرباز** |
| **هێزی زەمینی** | **8.500 سەرباز** |
| **هێزی ئاسمانی** | 1500 **کەس** |
| **هێزی دەریایی** | **1.800 کەس** |
| **تێچووی بەرگری قەتەر** | **4.2٪** |
| **زرێپۆش** | 30 **دانە-جۆری (ام اکس ـ** 30) |
| **فڕۆکەی جەنگیی** | 12 |
| **هێلیکۆپتەر** | 26 |
| **کەشتی** | 13 |
| **بەلەم** | 35 |

سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد ترەمپ بۆ ریازو کۆبونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە لەپێناو دروستکردنی هاوپەیمانیەتیەك بەمەبەستی بەرنگاربونەوەی تیرۆر؟

2. ئایا چۆن رێکارە عەرەبیەکانی گیراونەتەبەر کاریگەری لەسەر کارپێکردنی قەتەر دەکات لەلای ئەمەریکا؟

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم روونە کە هۆکارێك لە هۆکارەکانی ئەو قەیرانە بریتیە لە کردنەوەی دەرگایەکی فراوان لەلایەن قەتەرەوە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیە سیاسییەکانی لەگەڵ ئێران و لە لایەکی تریش بەستنی ژمارەیەك گرێبەستی نهێنی لەگەڵ گروپە چەکدارەکانی سوننی لەسوریا، وەك لەراپۆرتەکەی رۆژنامەی فاینشال تایمزی بەریتانی ئاماژەی پێکراوە لە رۆژی 6ی حوزەیرانی 2107دا. ئەم کردارانەی قەتەر زیان بە هەڵوێستە یەکگرتوەکەی کەنداو دەگەیەنێت بەرامبەر بە ئێران و بیانوە سەرەکیەکەی سعودیەش لاواز دەکات، کە ئێران بەسەرچاوەی هەڕەشە دادەنێت بۆسەر سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە. رەنگە ئەو هۆکارە بەتەواوی دژی ئامانجە سیاسیە سەرەکیەکانی ئەمەریکا نەبێت لەناوچەکە. ئەویش بە خولقاندنی پارسەنگێك بۆ دوژمنایەتیکردنی مەزهەبی کە ئێران یەکێك بێت

لەجەمسەرەکانی. چونکە بوار لەبەردەم ئەمەریکا دەکاتەوە بۆ کەمکردنەوەی قورسایی فشارەکانی کەنداو لەسەر ئیدارەی ئەمەریکا بۆ گرتنەبەری هەڵوێستی توندترو یەکلاکەرەوە دژی ئێران. ئەمەش لەکاتێکدا دێت کە ئیدارەی ئەمەریکا بتوانێت کۆبونەوەکانی ریاز بەکاربهێنێت بۆ بەهێزکردنی تواناکەی لەگەیشتن بەچارەسەرێك لەیاری (راکێشانی پەتەکە) کە ئێستا لەگەڵ ئێران لەئارادایە بۆ بەدی هێنانی هەندێك گۆڕانکاری‌و هەموارکردنەوەی رێکەوتنە ئەتۆمیەکەی لەگەڵی دا هەیەتی. بەمەش هەڵوێستەکەی قەتەر وادەکات دوور بێت لەگرتنەبەری هەڵوێستی دوورمەودا لە گەمارۆکەی سەر ئێران، لە بەرامبەریشدا هەڵوێستە یەکگرتوەکەی کەنداو بەرامبەر بە ئێران.

سەبارەت بە پرسیاری دووەمیش، سەرباری لێدوانی ژماریەك بەرپرسی ئەمەریکی لەسەر قەیرانەکەی ئێستا قەتەر، بەوەی کە ئەو قەیرانە لە ڕووی جەوهەریەوە کاریگەری دروست ناکات لەسەر بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە، بەڵام ئەگەر بڕیارەکەی سعودیەو ئیمارات بە قەدەغەکردنی هاتوچۆو گواستنەوە بە شێوەیەکی توندتر جێبەجێ بکرێت، ئەوا بێگومان کاریگەری لەسەر جوڵەی سەربازی ئەمەریکی دەبێت، چونکە ئەو هێزانە لە هەردوو وڵاتدا بونیان هەیەو زیانی خۆی دەبێت. بەمەش دوور نیە واشنتۆن هەوڵی گەیشتن بە چارەسەرێك بـدات لە نێوان قەتەرو ڕکابەرەکانی لەو قەیرانەدا، بەڵام لەم باروودەخەدا پرسیارەکە ئەوەیە: چ چارەسەرێك؟ ئەی چ گرەنتیەك؟ بۆ چ ڕکابەرێك؟

بەگشتی، ئەگەر ئەو هەنگاوەی سعودیەو ئیمارات ناویانە لەدژی قەتەر، ئامانج لـێی رودانی گۆڕانکاری سیاسی و لادانی دەسەڵاتدارنی ئێستای قەتەر تەمیم بن حمد خەلیفەی ئال دووەم بێت، ئەوا ئەو گریمانە پێویستی بە وەڵامە لەبارەی پرسیارە سەرەکیەکەی لەسەر ئەو ئەگەرە دەکرێت (ئەویش لابردنی چەتری پارێزگاری سیاسی ئەمەریکیە لەسەر قەتەر)، ئەمەش بەندە بەچەند گۆڕانکاریەك، کە ڕەنگە گرنگترینیان راستی ئامانجەکانی کەنداوە: ئایا بەراستی ئامانج لەو کارە رودانی گۆڕانکاریەکی سیاسیە لەقەتەر، کە بەهیچ شێوەیەك گرەنتی نییە تا لەژێر چەتری هەژمونی ئیدارەی ئەمەریکی دابێت. یان تەنیا کۆنترۆڵکردنێکی توندی ئاڕاستەکانی ئەم دواییەی قەتەرەو گەڕاندنەوەیەتی بۆ ناو هۆرەکەی کەنداو؟ ئایا وڵاتانی کەنداو دەتـوانـن بەدیلی قەتەر بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەستەبەر بکەن لە ناوچەکە، نەك هەر بۆ بنکە سەربازییەکان و پشتیوانی لۆجیستی، بەڵکو بۆ گێڕانی رۆڵی بریکاری شوێنکەوتوو، کە قەتەر بە درێژایی دەیەکان بە ملکەچانە جێبەجێی کردووە؟

پێناچێت دۆزینەوەی بەدیلی ئەو رۆڵەی قەتەر وا ئاسان بێت، بەتایبەتیش کە ئێستا جۆرێك لەقایم کردنی سیستەمی ئاسایشی فرەیی هەیە، کە ویلایەتە یەکگرتوەکان لە ناوچەکە بەرێوەی دەبات بێئەوەی دووبـارە خۆی بخاتەوە ناو کارە سەربازییە قێزەوەنەکان لە ناوچەکەدا.

لە ساڵی 2002دا قەتەر رێککەوتنێکی لەگەڵ ئەمەریکا واژۆ کرد بۆ مەبەستی هاریکاری بەرگریی و دانانی بنکەیەکی سەربازی ئەمەریکی زەبەلاح لە قەتەر تا ببێتە سەرچاوەی دڵنیایەکی گەورە بۆ سەقامگیری و ئاسایشی قەتەر. بە بەروارد لەگەڵ سوپای وڵاتانی تری ناوچەی کەنداو سوپای قەتەری بە سوپایەکی قەبارە بچوك دادەنرێت. کەلوپەلە سەربازییەکانی تا ڕادەیەك ئاسایین و قەبارە بچوك و ئامێری سوکن. سەرجەم زرێپۆشەکانی قەتەر (30) زرێپۆش دەبێت لە جۆری (ام اکس ـ 30) کە بە باشی بەکارنایەن.

هێزی ئاسمانی:

هەر لە سەرەتای دەیەی نەوەدەکانەوە چەکی ئاسمانی قەتەری هیچ گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە نەبینیوە، جگە لە زیاد کردنی چەند فرۆکەیەکی بارهەڵگر نەبێت. فرۆکەوانەکان تەنیا بۆ راهێنانیان لەسەر چەند ئەرکێکی سادە ئامادە دەکرێن، بەڵام چەکی ئاسمانی قەتەری ئامادە نییە بۆ هیچ چالاکیەکی سەربازی راستەقینە بەبێ یارمەتی دەرەکی. قەتەر سیستمێکی بەرگری ئاسمانی هەیە بەڵام هیچ موشەکێکی (ارض ـ جو)ی دوورمەودا یان ناوەندی نییە، بەڵکو پشت بە فرۆکەی جۆری میراج دەبەستێت بۆ پاراستنی سنوری ئاسمانی خۆی. ئەوانیش لەدوو جۆر پێك دێن:

(9) فرۆکەی شەڕکەری لە جۆری Mirage 2000- 5EDA یەك کورسی

(3) فڕۆکەی شەڕکەری جۆری DDAMIRAGE دوو کورسی.

هەروەها وڵاتی قەتەر نزیکەی (26) هەلیکۆپتەری هەیە، کە بۆ گواستنەوە بەکاریان دەهێنێت.

## هێزی دەریایی:

گرنگیدان بە هێزە دەریایەکانی قەتەر لە کارە هەرە گرنگ و سەرەکییەکانی سوپای قەتەریە، چونکە نیمچە دورگەیەکە دەکەوێتە ناوەڕاستی وڵاتانی کەنداو کراوەیە بەسەر ڕووی دەریـادا، چونکە سنورەکانی قەتەر هەمووی ئاوییە، جگە لای باشورو باشوری ڕۆژهەڵاتەکەی. درێژی کەنارەکانی 700 کیلۆمەترە، کە دەکاتە لە 23% درێـژی هەموو کەنارەکانی کەنداو، واتـە قەتەر وڵاتێکی ئاشکراو کراوەیە لە هەموو لایەکیەوە. بۆیە پاراستنی سنورە ئاوییەکانی زۆر گرنگە. سەرجەم سامانە نەوتییەکانی قەتەر دەکەوێتە ئاوی کەنداوەوە. بۆ نموونە کۆمپانیای گازی شلی قەتەری 22 بیری لە ئاوی کەنداودا هەیە، جگە لە بۆرییەکانی گواستنەوەی ئەو گاز، بۆیە پاراستنی کەنارە دەریاییەکانی ئەرکێکی گرنگە.

هێزە دەریاییەکانی قەتەر لە 1.800 کەس پێکدێت. نزیکەی 35 بەلەم و 13 کەشتی. ئەو هێزە لە پیاوانی پۆلیسی دەریایی و کارمەندانی سەر بە یەکە کەنارییەکان پێکدێت، کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پاراستنی ڕێـڕەوە دەریاییەکانی قەتەر بۆ هەناردەکردنی نەوت و کەرستەکانی تر بەکاریان دەهێنێت.

## ئەرکی سەربازی

بەپێی سەرچاوەکان لە 70% ئەوانەی شایستەی خزمەتی سەربازین لەناو قەتەر (بیانی)ین و هەڵگری ناسنامەی قەتەری نین، ئەمەش وایکردووە حکومەتی قەتەر بڕیارێك لەسەر یاسای خزمەتی نیشمانی دەربکات، بەوەی کە هەر هاوڵاتیەکی قەتەری (نێرینە) تەمەنی (18)ساڵ بێت و لە (35) ساڵیش گەورەتر نەبێت، پێویستە بچێتە خزمەتی سەربازییەوە، کە ماوەکەی سێ مانگە بۆ هەر کەسێك دەرچووی زانکۆ یان پەیمانگا بێت، چوار مانگیش بۆ ئەوانەی خوێندنیان تەواو نەکردووە.

## بنکەی سەربازی (سیلیە)ی ئەمەریکی لە قەتەر

ئەو بنکەیە لە ساڵی 1996 دامــەزراوە کاتێك شێخ حەمەد بن خەلیفەی ئال سانی ڕەزامەند بوو بە وەرگرتنی چەند کەلوپەلێکی سەربازی بۆ چەکدارکردنی لیوایەك، پاشان وردە وردە زیادیکرد لە ڕێگەی وەرگرتنی 30 فرۆکەی شەڕکەرو 4 فرۆکەی گواستنەوە. ئەمەش بەمەبەستی بونیادنانی بنکەیەکی ئاسمانی سەرەکی لە کەنداو بۆ هاتنی هێزی زیاتر لەداهاتودا. لەبەرامبەریشدا دەوڵەتی قەتەر بکەوێتە ژێر چەتری پاراستنی ئەمەریکی و هێزەکانی ناتۆ لە ئەگەر دروستبوونی هەڕەشە دەرکییەکان بۆ سەر قەتەرو ولاتانی تری کەنداو. جگە لە چەند تایبەمەندیەکی تر وەك مەشق پێکردنی سوپای قەتەرو پێدانی چەکی پێشکەوتوو. حکومەتی قەتەریش سپۆنسەری پرۆژەکەی بوو بە تەواوی و دڵنیایی پێدان بە پشتگیری تەواوی دارایی ئەو پرۆژەیە لە داهاتوودا. بەمەش ئەو بنکەیە دوای تەواوبونی بووە گەورەترین بنکەی سەربازی ئەمەریکی لە دەرەوەی خاکی ئەمەریکا. دواتر لە جەنگی دژی ئەفغانستان بەکارهێنراو ژمارەی هێزەکەی لەوێ ئامادەیە نزیکەی (10.000) سەربازە، جگە لە 120 فڕۆکە. ئەو بنکەیە لە جەنگی عێراقدا لە ساڵی 2003 ناوەندێکی سەرەکی بوو بۆ ئیدارەدانی جەنگەکە، هەروەها چەندین کۆگای چەکی ئەمەریکی تێدایە.

* مالك عەونی- نوسەرو تـوێـژەری میسری لە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان لە دامەزراوەی (الاهرام).

## سەرچاوە:


گۆڤاری سیاسەتی نێودەوڵەتی، ویکیپیدیا

www. Siyassa. Org/ news content

https://ar.wikipedia.org/wiki